## سێ نامە، سێ بەڵگە!

تەمەنی ئەم نامانەی خوارەوە یەک چارەکە سەدەیە؛ کە ئاماژە بە "گۆڤاری (ڕەنگین)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، پاشبەندی کوردیی ڕۆژنامەی(العراق) دەکرێ، کە دەبێ لە نێوان مانگی ٨ هەتا ١١ی ساڵی ١٩٩٦ بڵاوکرابێتنەوە. هەروەها باس لە کاسێتێکی ویدیۆ( لە شاری مەهاباد، ساڵی ١٩٩٥) و ڕۆژنامەی ژین - ژمارە ٨٢ی ڕۆژی ٣١/٨/٧٢ و ژمارە ٨٣ی ڕۆژی ٧/٩/٧٢ کراوە. تکایە هەر کەس بە سوراخی ئەم کاسێتە و گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەزانێ، لە ڕێگای ئەم ئیمەیلەوە **redaktion@rojhalat.de** ئاگادارمان بکاتەوە.

****

**نامەی ١- محەممەد مەلا کەریم: نووسەر**

برای شیرینم ....، ڕۆژتان باش

بە هیوای کامەرانی و خۆشبەختی و لەشساغی و سەرکەوتنی بەردەوامتم.
نامەی 8/7 وبانگەوازەکەتان هاتن. نامەی پێشوویشتان و کتێبە بچکۆلەکان گەیشتن و وەڵامیشم بۆ نووسینەوە. ئومێدم وایە وەڵامەکەمت بە دەست گەیشتبێ.
بەش بەحاڵی ئەم نامەیەی دواییت، لە بەر ڕووناکی نامەکەت و ئەو شتانەی تیاتدا نووسیبووت سەرەتایەکم بۆ بانگەوازەکە نووسی و بانگەوازەکە و سەرەتاکەم بە سێ نوسخە نووسینەوە و دامن بە گۆڤاری (ڕەنگین) و ڕۆژنامەی (هاوکاری) و پاشبەندی کوردیی ڕۆژنامەی (العراق) بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و گفتیان دامێ کە بڵاویان ئەکەنەوە. کە بڵاویش کرانەوە، لە هەریەکی ژمارەیێ دوانتان بۆ ئەخەمە پۆستە و بۆتان ئەنێرم.
پێشەکی هیوای سەرکەوتنی سیمینارەکەتان ئەکەم. ئیشەڵڵا کارێکی وا بۆ سەد ساڵەی ڕۆژنامەی کوردیش ئامادە بکرایە کە ئەوەندەی نەماوە.
ئیتر سڵاوم بۆ دۆستان و ناسیاوان و هەر بژین.....براتان: محمدی مەلاکەریم ٤/٨/١٩٩٦

---

******

**نامەی٢- ئەحمەد شەریفی : نووسەر**

برای بەرێزم .....

وێرای جوانترین سڵاو، شادی وتەندروستی هەمووولایەك لە یەزدان دەخوازم. کاکە گیان نامەکەت گەیشتە دەستم. لە ئاشنایتان پڕ بە دڵ خۆشحاڵم وسپاسی برایەتیت دەکەم. سەبارەت بە کۆنگرەی یادی حەسەن زیرەك، سەرکەوتنتان بۆدەخوازم وسڵاوم هەیە بۆ هەمووو تێکۆشەرانی ئەم ئەرکە گرینگە.
کاکە گیان، من کەمتاکورتێك حەسەن زیرەکم دەناسی و هامووشۆیم هەبوو، چونکە لە گەڵ مێدیاخانمی خێزانی لە تاران و کرماشان هاوکار بووم. بەڵام بە راستی ئێستا دەرفەتێکی وا نەماوە کە بتوانم وتارێکی لە سەر بنووسم و دیارە بۆ هێندێ بیرەوەری لەم بابەتەوە بکەم، بەڵکو یەزدان یاربێ و لە دەرفەتێکا ئەم کارە بکەم.

... پارەکە لە مەهاباد یەك دوو هۆگری هونەر کاسێتێکی ویدئۆیان لە گۆرانیەکان و بەسەرهات و وتوێژ، سەبارەت بە زیرەك بڵاوکردەوە. نازانم ئەوتان بە دەست گەیوە یان نا؟ ............ئەگەر ئەو کاسێتەتان لە لا نییە بە تەلیفوون پێم بڵێ هەتا دەفکری پەیداکردن و ئیجازە وگومرگ وکاری ئیرشاد وشتی وای دابم و بۆتانی بنێرم.................................هەر بژین برات ئەحمەد شەریفی ٣٠/٧/١٣٧٥

---

****

**نامەی٣- محەممەد حەمە باقی: نووسەر**

برای بەرێز و خۆشەویست...

.......... دوێنێ شەو، بەڕێکەوت گوێم ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا- بەشی کوردی، هەڵخستبوو، بە شادمانییەوە بیستم دیدەنی لە گەل ڕادیۆی ناوبراو، سەبارەت بە چالاکییەکی دڵسۆزانەتان ئەنجام ئەدەن، کە یادی هونەرمەندی گەل: حەسەن زیرەک-تان سازکردووە و وەک لە ئاکامی قسەکانیشتاندا بیستم ڕەنجێکی زۆرتان لەو پێناوە داوە و کارەکەشتان هێشتا هەر بەردەوامە-- کەم ئەم هەواڵە بۆ من ئێگجار جێی دڵخۆشی و پێزانیین بوو، چونکە ئەزانم جەنابتان لەو دوورە دەستەوە چەند زەحمەت و بە پشووی درێژەوە کارێکی لەو بابەتە ئەنجام ئەدەیت. منیش و دۆستانی نزیکیشمان بەردەوام چالاکی هەمە جۆرتان ئەبیستین و هەستی پێئەکەین و هەمیشە لە دڵەوە سوپاس و پێزانیتان پێشکەش ئەکەین- ڕێکەوتیش وابوو لە ماڵی برای هێژامان، .......... میواین بووین، کە سەبارەت کارەکەی حەسەن زیرەک قسەتان بۆ دەنگی ئەمەریکا ئەکرد و بۆ سبەینێ نیوەڕۆش دووشەممە لە مالی .......... (دۆستی هێژا و برای هەمووومان) میوان ئەبووین— ئیتر ڕۆژی دوای کە چووینە لای و یادی ئێوە و چالاکی و دڵسۆزیتانمان کرد،.......... سوپاس و دەست خۆشیشتان عەرز ئەکەم و تکاتان لێئەکەم ئەو ڕێگە سەخت و دژوارەی گرتووتانەتە بەر، سەرەڕای ئەوەش کە دڵنیام زۆر بە دژوارییی ڕێگە ئەبڕن، بەڵام هەر بێ پشوو بن و ساردمەبنەوە- چونکە ئێگجار پێویستیمان بە خەڵکی وەک ئێوەیە و بەردەوام شوێن پێی کارەکانتان هەڵئەگرم و هەنگاو بە هەنگاو پیرۆزبایتان لئیەکەم.

مخابن من نەمزانیوە شێوەی یادەکەی حەسەن زیرەك - تان بە شێوەی وتاری جیاجیا بووە, یان چۆن؟ حەز ئەکەم کەمێك ئاگادارم بفەرموون,چونکە لێت ناشارمەوە منیش شەقی زەمانە هاویشتمیەزیندانی تەك حەسەن زیرەك, لە زیندانە جیاجیاکانی سلێمانی و کەرکوك وبەعقوبە وخانەقیندا, و بیرەوەری زۆرم لە گەڵیا هەیە, کە ئەگەرێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٧ و هەر دوای ئازادبوونیشم, کە بە داخەوە حەسەن زیرەك بە سەریا کۆچی دوایی کرد, زنجیرە وتارێکی دوو ئەڵقەم لە رۆژنامەی (ژین)ی ساڵی ١٩٧٢- دا نووسی و, ئەگەر هەندێ گرێ و ڕێ پێگرتنی لاوەکی نەبووایە رەنگ بوو هەر ئەو کاتە زۆرتریشی لە سەر بنووسم: کە دڵنیام جەنابت ئەو هەواڵەمت زۆر پێخۆش وپێ مەبەستە,بۆیە بە چاکی ئەزانم ئاماژە بۆ ژمارەکانی رۆژنامەی (ژین)ی ئەو سەردەمە بکەم,کە هەر بە رێکەوت لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆمدا خوشبەختانە, ئەو ژمارانەم پاراستون و بەمجۆرەن:

١- ژین - ژمارە ٨٢ی رۆژی ٣١/٨/٧٢

٢- ژین - ژمارە ٨٣ی رۆژی ٧/٩/٧٢

بەواتایەکی تر: ماوەی بیست وچوار ساڵ ونیو,لەمەوبەر, من دوو وتارم لە سەر حەسەن زیرەك نووسیون,کە ئێستاکە لە رووم دێت بڵێم رەنگە من یەکەمین کەسێك بووم شەڕەفی ئەوەم پێ بڕابێ,بەر لە هەمووو کەس لە سەر ئەو هونەرمەندە نەمرە, وتارم نووسیبێ,کە ئەگەر ئەو دوو وتارەی لەو هەرەتی لاوی و هەرزەکارییەمدا, نووسیومن, بە چاوی ئێستا سەیریان بکرێ,ئەشێ زۆر هونەری نەبێ, بەڵام هەر بۆ مێژوو, بۆ راستی و بۆ ئاگاداریتان, بە چاکم زانی ئەم هەواڵەتان بۆ بنووسم و ئەگەریش ویستتان ئەو دوو وتارە, لە گەڵ یادگارەکانی تری حەسەن زیرەك دا چاپ بکەن, ئەتوانم و لێرەوە دەستم ئەگاتە سلێمانی و بۆتانی پەیدا ئەکەم. ..........

بە کورتی، وەک سەعدی ئەلێ: دەروێش خۆشی لە دەروێش دێت، منیش هەر بۆ یادی ئەو هونەرمەندەی جەنابیشتان خۆشتان ئەوێ، بیرەوەری پێ ماون، کە لە کتێبێکی ترمدا بە ناوی (سەیید عەلی ئەسغەر کوردستانی) دیسانەوە لایەکی شاراوەم لە حەسەن زیرەک کردۆتەوە و لاپەڕەیەکی زۆری کتێبی ناوبراوم بۆ حەسەن زیرەک تەرخان کردووە و بە هیوام هەر ئەمساڵ بە چاپی بگەیەنم....... براتان محەمەد حەمە باقی- ٧/٦/١٣٧٥ سەقز

تێبینی ڕێداکسیۆنی ١٠٠ ساڵەی زیرەک:

- ئەو شوێنانەی کە بە خاڵ دیاریی کراون، بابەتی شەخسی بوون، کە لێرە بڵاونەکراونەتەوە.
- نامەکان وەک خۆیان لە ڕووی ناوەرۆک و ڕیزمان بە بێ دەستکاریی و بەڕۆژکردن، بڵاودەکرێنەوە.
- - ژمارەی سەرجەم ئەو نامانەی بۆ نووسەران و هونەرمەندان لەمەڕ فستیواڵی ٧٥ ساڵەی زیرەک، بەڕێکرابوون، سەروی ٥٠ نامە بوو.